# کەرکوک !!

**ئەو تاوانەی لە ئەستۆی بەرپرسە کوردەکانیدایە**

## کامیل ژیر

رۆژانە لەمیدیاکانەوە هەواڵی کرداریَکی دژ بە کورد لە کەرکوك ئەخویَنینەوەو ئەبیستین لەبابەتی :

ئەوەندە خیَزانی تازەی عەرەب نیشتەجێکران ، ئەوەندە خانویان لەکوردەکان کرِی ، ئەوەندە کوردیان تیرورکرد ، ئەوەندە خیَزانی کوردیان دەرکرد ، لەهەندیَ دامودەزگادا ریَژەی کارمەندانی عەرەب دە ئەوەندەی کوردە ، بەردەوام بەلیَشاو فەرمانبەری تازەی عەرەب لە بەغدادەوە وەك دیاری ئەنیَردریَن بوَ کەرکوك ، عەرەبە هاوردەکان چەکی قەرەبووشیان وەرگرت کەچی هەر نارِوَنەوە بوَ زیَدی خوَیان و...هتد.

هەموو ئەو کردارە نارِەواو نایاساییانە لە روَژانیَکدایە کە پاریزگارو ئەنجومەنی پاریزگاو پولیس و ئاسایش و چىو چی کوردن !! ژمارەیەکی زوَریش پیشمەرگە لە کەرکوك هەبوو !! نوجەیفیەکیش لە موسلی شارە دیرینەکەی کوردستان هەرچی خراپە بەرامبەر بە کوردی موسل ئەیکات بیَئەوەی ریَز بوَ هیچ یاسایەك دابنیَ یا گویَبداتە دەستور و تەنانەت بریارەکانی بەغدادیش !!ئەکەواتە کاری ئەو هەموو خاوەن دەسەلاتە کوردە لەکەر کوك چیە !؟

- چوَنچیە ؟ کاری ئەوانە وەرگرتنی پوَستە . ئەوانیش چاو لە نیَردەی پارتەکانی هەریم ئەکەن بوَبەغدا کە مەست و مەفتوونی پوَستن لەپیناوی پوَستدا . ئیستا گوَرِانیش تووشی ئەو پەتایە بوە !

+ ئەریَ راستە ئەڵیَن ئەو سوارچاکانەی کەرکوك هەموو روژیَ دوای دەوام قەلفرِی بوَئەکەن هەر یەکەو بوَ لای خیزان و کوشکەکانیان لە دەرەوەی کەرکوك !؟

- دروَیە . تاکوتەرایەکیان ئەمیننەوە . ئنجا تۆ بۆسەرت لەوە سورماوە ؟ ئەی پۆستچیەکانی موسل و بەغدادیشمان هەرواناکەن ؟ کاکە ئەمرۆ روژی ئەوەیە بلیَی ئاگرە سوورە لەخۆم بەدوورە ! مەرجیشنیە ئەوانە هەمیشە هەروا دەستەوستان دانیشن .

+ چۆن ؟

- با سەرە بیَتە سەر ئەوانیش .

+ تیَناگەم ؟

- ئەگیَرِنەوە کاروانچیەك ، قولە رەشیَکی پالَەوانی زۆربەهیَز ئەکاتە پاسەوانی کاروانەکەی . لەریگا ٣ جەردە پەلاماری کاروانەکە ئەدەن و رووتیئەکەنەوە . پالەوانەکەش بیَخەم لیَیکەوتوەو زرتەی چاوبدیَت بیَئەوەی جوولَەی بۆبکات ! ئنجا جەردەکان بۆ سووکایەتیکردن بەو پالەوانە هەموو جل و بەرگەکەی دائەکەنن و ئەیدەنە بەر شەق ، پالەوانەکە هەر نقەی لیوەنایەت ، دوایی یەکیکیان هەر بۆسووکایەتیپیَکردن دەعباکەی لیَگیرئەکات . لەویَدا پالەوانەکە لیَیان رائەپەرێ و ملی هەرسیَکیان هەلَئەکیَشێ .. کاروانچیەکە کریَی پالەوانەکە ئەدات و دەریئەکات !

* پالَەوان : بۆدەرمئەکەی ! ئەی کاروانەکەم بۆرزگارنەکردی !؟

# کاروانچی : با ، بەلاَم من هەمووجارێ جەردەی وام لەکوێ بۆ ریَکئەکەوێ کە تەماعبکەنە ئەو هینە رەشەی تۆش و تا لەتۆشی گیرنەکەن نقت لیَوەنەیەت و دەربەستی کاروانەکە نەبیت !!؟؟